# دیسانەوە حیزب

کەمال ڕەئوف

**کۆمۆنیزم بۆ ئێمە هەلومەرجێك نییە کە دەبێت دامەزرێت, فکرەیەك نییە کە دەبێت واقیعیەت خۆی لەگەڵدا بگونجێنێت. ئێمە ئەو بزووتنەوە واقیعیە ناو دەنێین کۆمۆنیزم کە هەلومەرجی ئێستا هەڵدەوەشێنێتەوە. هەلومەرجی ئەم بزووتنەوەیە لەو فەرەزیاتانەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەر ئێستا هەن.**

**ئایدیۆلوژی ئەڵمانی**

هەرچەندە زۆرلەوە دڵنیا نیم کەفسەکردن لەسەر دامەزراندنی حیزبێکی نوێی چەپ بۆ کوردستان لەئێستادا چەندە بوعدێکی کۆمەڵایەتی بەخۆی نیشان داوە و لەنێو خەڵکدا ئەم مەسەلەیە چەندە ڕیشەی هەیەو تاچەندە بووەتە مەسەلەیەکی جدی, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەوە دڵنیام کە هەلومەرجی تازە دەخوازێت بەشێوەیەك لە شێوەکان کۆن وەلاوە نرێت و ڕەچەیەکی نوێ بشکێنرێت بۆ خەبات و تێکۆشانی هەموو ئەوانەی کە بە هەلومەرجی ئێستا ناڕازین و خوازیاری گۆڕانن, ئەمەم بۆ چوونەم هاوتەریبە لەگەڵ ئەوەی کە ئەو تێڕوانین و هەلوێستەی سەرەوە بەهیچ شێوەیەك کار لەو هەڵوێستەم ناکات کە لام وایە ئەگەر بڕیارە حیزبێك بەهەمان ئەقلێت و تێگەیشتنی کۆنەوە دروست بکەین کە لەئاکامدا بکاتە ئەوەی کەتەنها ژمارەیەکی تر بەژمارەی بەحیزبەکانی ئەمڕۆی ناو مەیدانەکە زیادبکات ئەوا نەکردنی سەدجار لە لەدروستکردنی باشترە .

ماوەیەکە دەنگۆی ئەوە هەیە کە حیزبێکی تازەی چەپ بۆ کوردستان دابمەزرێنرێت, بەدوای نووسینەکەی کاك عەبدوڵا مەحمودا چەند بەرێزی تریش لەو بارەوە هاتانە دەنگ و سەرنجی خۆیان لەوبارەوە خستە ڕوو, ئەوەی زیاتر لێرەدا جێگەی سەرنجە برادەرانی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە نێو ئەو قسەو باسانەدا تاکوئێستا بەناڕۆشنی و هەڵپەسێردراوی ئەو مەسەلەیە دەهێڵنەوە کە ئاخۆ ئەو حیزبەی بڕیارە دابمەزرێت هەمان حیزب و هەمان کادران و هەمان میتۆدی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری پێشووە یان شتێکی ترەو و ئەوانیش دەیانەوێت لەم پرۆسەیەدا بەشداربن و لە پێکهاتەی ئەو حیزبە تازەیەدا ببنە ئەندام و دەست بەرداری حیزبەکەی خۆیان ببن؟ خۆ ئەگەر وانییە و نایانەوێت دەست بەرداری حزبەکەیان ببن یان دەیانەوێت بە پروسەیەك گۆڕان بەسەر حیزبەکەی خۆیاندا بهێنن ئەوا ئیتر چ پێویستی بەوە هەیە ڕوو بەدەرەوە قسەو باسەکان بکەن و دەتوانن لەداخلی خۆیاندا هەموو بڕیارێك یەکلا بکەنەوە, وە ئەگەر بڕیاریشە ئەوان بەفعلی بەشداربن و بەوە گەیشتوون کە چیتر بوونی حیزبەکەی

خۆیان زەرورەتێکی نەماوەو ڕەخنەیان لە میتۆدو جیهانبینی و سیاسەتی ئێستای حیزب هەیە, ئەوا دەکرێت پێش وەخت نوقتە بخەنە سەر حەرف و ڕاشکاوانە ڕەخنەکانی خۆیان لەمەر حیزبی کۆن ئاشکرا بکەن, چونکە بەبێ ئەم کارە ئیتر حیکمەتی دروستکردنی حیزبێکی تازە دەکەوێتە ژێرپرسیارە ئەمە جگەلەوەی خۆ ئیتر ناکرێت ئەوان لەیەك کاتدا ئەندامی دوو حیزبی لەیەکتر جیاوازبن! من ئەو قسانە لە کاتێکدا دەکەم کە لام ڕۆشنە برادەرانی کۆمۆنیزمی کرێکاری دەیانەوێت لەیەك کاتدا ببنە خاوەن حیزبێکی نوێ بەلاَم بە هەمەمان میتۆدی کۆمۆنیزمی کرێکاری کار بکەن واتە دەیانەوێت تەنها لە ڕووی سیاسیەوە هەندێك گۆڕان بە سەر خۆیاندا بهێنن و ناویشی بنێن حیزبێکی نوێ کە ئەم مەنتیقە دورە لە مەنتیقی دامەزراندنی حیزبێکی واقیعی و تەندروست, مێژووی حیزبایەتی پڕیەتی لەو جۆرەکارانە و کارێکی زۆرسانایە کە حیزب بۆ دەورەیەك لەدەورەکان دەتوانێت سیاسەتەکانی خۆی گۆڕانی بەسەردا بهێنێت بێ ئەوەی ئامادەبێت  دەست بۆمەسەلەی ئایدیولۆژی بەرێت بەلاَم ئەمە ناونانێت حیزبی تازە, من لەوە سەر سامم کە برادەرانی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەم مەسەلەیەدا خورمژیان دەوێت هەم دەیانەوێت حیزبێکی نوێ دامەزرێت هەم دەشیانەوێت دەست بە چەمکی حیزبە کۆنەکەوە واتە  کۆمۆنیزمی کرێکاریەوە بگرن بۆکارکردنی حیزبی نوێ , ئەمە لەکاتێکدایە کە هەر ئێستا خۆیان خاوەن حیزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەو جۆرەن! یەکێك لەو برادەرانەی کومۆنیستی کرێکاری لەمەڕ حیزب لەنووسینێکیدا ئاوا دەڵێت: ڕەنگە بۆ ئەو کارە فرسەتێکی زۆرمان لەبەردەمدا نەمابێت, ئەو فرسەتەش بە حیزبێکی کە, ڕێکخستنێکی کە, تەرح وپێشنیارو ڕێگا چارەیەکی کە دەکرێت و سەردەکەوێت, ئەویش حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستانە, کە تاکەئامرازو وەسیلەی ئەوگۆڕانگاریە نوێیە یە. ( هەڵەی زمانەوانی نووسینەکە هی نووسەری بابەتەکەیە) کاك عەبدوڵاش  لەبەشی کۆتایی بابەتەکەیدا لەوەلاَمی هەمان پرسیاردا پاش ئەوەی دەڵێت: ئیتر لەم سەردەمەماندا باسی مارکسیزم و کۆمۆنیزم بەبێ باس و نەخشی هەمەلایەنەو پراکتیکی شۆڕشگێرانەی مەنسوری حکمەت ناتەواو دەبێت, دیسانەوە لەشوێنێکی تردا  دەڵێت:بۆیە ئەو حیزبەی کە بڕیارە کۆمۆنیستەکان و مارکسیەکانی کوردستان پێکی بهێنن, حزبی مارکس—حکمەتە, حزبی کۆمۆنیزمی مارکس, کۆمۆنیزمی کرێکاریە. لێرەوەیە  بۆمن و هەموو ئەواکەسانەشی کە خوازیاری ئەوەین لە پرۆسەی دامەزراندنی حیزبێکی نوێدا بەشداربین ئاشکرایە کە برادەرانی کۆمۆنیزمی کرێکاری پێش وەخت خۆیان ئارەزوو مەندانە هەموو بڕیارێکیان لەبارەی مەسەلە بەرنامەیەکانەوە بڕانووەتەوەو تەنانەت ئەشتوانین بلێن مەرجیشیان دەستنیشان کردوە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە خۆیان بەچەپ و کۆمۆنیست دەزانن دەبێت بەوە ڕازی بن کە لەحیزبی حکمەتیدا کاربکەن تاشەرەفی بەشداربوونیان لەحیزبی تازەدا پێبدرێت, ئێمە پێشتر ئاماژەیەکی کورتمان بەوەکرد کە ناوی مەنسوری حیکمەت خستنە پاڵ مارکسەوە هەڵەیەکی گەورەیەو ناکرێت مەنسوری حیکمەت بەشەریکی تیئوری مارکس بناسرێنرێت, برادەرانی کومۆنیزمی کرێکاریش بەدەلیلی ئەوەی کە مەنسور ئەدەبیاتێکی زۆری سۆسیالیستی هەیەو پتر لە سی ساڵ خەباتکارێکی بەرجەستەی ئەو ڕێبازەیە, سورن لەسەر ئەوەی کە

چیتر ناوهێنانی کۆمۆنیزم بە بێ حیکمەت ناتەواوە! دیارە ئێرە شوێن و کاتی ئەوەنییە تاقسە لەسەر مەنسوری حیکمەت  بکەین تەنها ئەوەندە نەبێت بۆ بیرخستنەوەی ئەوبرادەرانە ئاماژە  بۆنوسینی سیناریۆی ڕەش و سپی دەکەین کە تیایدا سەڵتەنەت پەرستەکان و هەندێك لەهێزە کۆنەپەرستەکانی تری ئۆپۆزیسۆنی ئێرانی خستبووە سیناروی سپیەوە لەبەر ئەوەی کە توانای ئەوەیان هەیە ڕوخەکانی کەنداوی فارسی و یەکپارچەیی خاکی ئێران بپارێزن و سەرنجی وولآتانی بیانی  بۆکومەك ڕاکێشن و هەموو ئەو لایەن و حیزبانەشی کە خوازیاری دیاری کردنی مافی چارەی خۆنووسینن تاڕادەی جیابوونەوە بۆکەمایەتیەکانی  ناوئێران خستبوویە سیناریۆی ڕەشەوە .

ئەمڕۆ وابڕیارە لەسەرو بەندی کارێکدابین کە حیزبێك بۆ کوردستان بۆجیاکردنەوەی کوردستان لەعێراق دروستبکەن کە ئەمەش ڕێك پێچەوانەی حیکمەتیە و کەچی برادەرانی کۆمۆنیزمی کرێکاری نایانەوێت دەستبەرداری حیکمەت بن؟ من پێم وایە دەستبردن بۆ هەرکارێکی تازە بەمانای تەواوەتی لەو نوقتەیەوە دەست پێدەکات کە ئێمە تاچەندە جورئەتی ئەوەمان دەبێت ڕەخنە لە شتە خراپەکانی ڕابردوومان بگرین, تازە بەمانی تەواوەتی یانی پیاچوونەوەی هەڵەکان و ڕەخەنەلێگرتن و بەجێهێشتنیان , تازە یانی هەوڵدان بۆ تێپەڕاندنی ئەو پەرژوو بلاَویەیی کە ئێستا چەپ تیایدا دەژی, تازە یانی بەچاوی ڕەخنەوە ئاوڕ لە ڕابردوو بدرێتەوە کە دەکرا لە ڕابردوودا کاری زۆر  گەورەمان ئەنجامبدایە, تازە یانی پەیوست بوونەوە بە واقیعەوەو تێپەڕاندنی بیری یۆتۆپیا. دیارە بزووتنەوەی چەپ و کۆمونیستی لەکوردستان لەچەندساڵی ڕبردوودا ئەگەر دیوێکی جوان و ئینسان دۆستی هەبووبێت ئەوە بەدیوەکەی تردا خاوەن خەرمانێك هەڵەو کەموو کورتییە کەهەمووومان لێ بەپرسیارین وبەداخیشەوە لەوێدا کۆمۆنیزمی کرێکاری بەشی شێری بۆخۆی بردووە.